٩- سلاوی مزگەوت (تَحِيةُ المَسجِدِ): دوو ڕكاتە كاتی چوونە مزگەوت پێش دانیشتن ئەنجام دەدرێت.[٢٢٥]

١٠- نوێژی داوای چاكە كردن(الإستِخارَة): دوو ڕكاتە.[٢٢٦]

١١- دوو ڕكات لە نێوان هەموو بانگ و قامەتێك دا.[٢٢٧]

١٢- نوێژی دەست نوێژ:دوای دەست نوێژ شتن.دوو ڕكاتە.[٢٢٨]

١٣- سوننەتی دوای نوێژی جومعە:چوار ڕكات لە مزگەوت.[٢٢٩] یان دوو ڕكات لە ماڵەوە.[٢٣٠]

---

(٢٢٥) البخاري ٥٣٧/١ ومسلم ٤٩٥/١ وغيرهما.

(٢٢٦) البخاري ١٦٢/٧ وە بڕوانە لاپەڕە (١٠٣ - ١٠٤) لەم نامیلكەیەدا.

(٢٢٧) البخاري (رقم ٦٠١ - البغا) ومسلم ٥٧٣/١.

(٢٢٨) هەر كەسێك دەست نوێژی چاك بشوات وپاشان دوو ڕكات نوێژ بكات و لەگەڵ خۆیدا مەشغوڵ نەبێت تیایدا خوای گەورە لە گوناهی لەوەو پێشی خۆش دەبێ / البخاري ٢٦٦/١ ومسلم ٢٠٤/١.

(٢٢٩) مسلم (٨٨١) وغيره عن أبي هريرة(ﷺ).

(٢٣٠) مسلم(٨٨٢) عن ابن عمر .

تێبینی: نوێژی سوننەتە ڕەواتیبە موئەكەدەكان(١٢)ڕكاتن. پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: ((هەر كەسێك بەردەوام بێت لەسەر دوانزە ڕكات نوێژی سوننەت لە ڕۆژدا خوای گەورە ماڵێكی لە بەهەشتدا بۆ دروست دەكات: چوار ڕكات پێش نیوەڕۆو دوو ڕكات لە دوایەوە و دوو ڕكات پاش مەغریب و دوو ڕكات دوای عیشاو دووڕكات پێش نوێژی بەیانی)). رواه الترمذي والنسائي وابن ماجە عن عائشة(رضي الله عنها) وقد صحّح الحديث الألباني في صحيح الجامع الصغير(٢٧٨/٥).

PDF4Kurd

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

هەندێ نوێژی تر

نوێژی تەوبە(ئەگەر گوناهێکی کرد)

((ما مِنْ عَبْدٍ يُذنِبُ ذَنباً فيُحسنِ الطَّهورَ. ثُمّ يَقوُم فَيُصَلّي رَكْعَتَينِ. ثُمَّ يَستَغْفِرُ اللّهَ إلاّ غَفَرَ اللهُ لَهُ))[231]

واتە:هیچ بەندەیەك نی‌یە کە گوناهێك دەکات“ چاك دەست نوێژ هەڵگرێ، پاشان هەڵسێ و دوو ڕکات نوێژ بکات. پاشان داوای لێخۆش بوون لەخوا بکات. ئیلا خوای گەورە لێی خۆش دەبێ.

نوێژی دوو جەژنەکە (ڕەمەزان و قوربان)

ئەم دوونوێژە واجبە[232] وە دوو ڕکاتە بەبێ بانگ و قامەت و بەبێ(الصلّاة جامِعَة) دەکرێت. لە ڕکاتی یەکەم دا پێش خوێندنی سورەتی (الفاتِحَة) حەوت تەکبیرات دەکرێ. وە لە ڕکاتی دووەم دا پێنج تەکبیرات دەکرێ. وە ذیکرێکی دیاری کراو نەهاتووە کە لەنێوان تەکبیرەکاندا بووترێ.[233] وە لەدوای نوێژو تارێك

---

(٢٣١) أبوداود ٨٦/٢ والترمذي ٢٥٧/٢ وصححه الألباني في صحيح أبي داود ٢٨٣/١. وانظر صحيح الجامع ١٧٣/٥.

(٢٣٢) ئەمە ووتەی ابن تەیمیە و أبی حنیفەو غەیری ئەمان و تەیەکی شافعی‌و یەکێکە لە دوو ووتە لەمەزهەبی ئیمامی ئەحمەددا/ بڕوانە مجموع الفتاوي١٦١/٢٣.

(٢٣٣) بەڵام چەسپاوە لە ابن مەسعودەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) کە سەبارەت بە نوێژی جەژن فەرموویەتی: (بينَ تَكبيرتَينِ حَمْدُ اللهِ عَزَّ وَجَلّ وثَناءٌ عَلَى اللهِ) رَواه البيهقي ٢٩١/٣ بسند جَيِّد. واتە: لەنێوان دوو تەکبیرەدا سوپاس و ستایشی خوای گەورە دەکرێ.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

دەخوێندرێتەوە. وە سوننەتە خۆ گۆڕین و جلی نوێ لەبەرکردن و خۆبۆن خۆش کردن و دوورکەوتنەوە بۆ نوێژگە (المُصَلّى) بۆ ئەنجام دانی نوێژەکە مەگەر سەرمای زۆر نەیهێڵێ وە گۆڕینی ڕێگای چوون و گەڕانەوە. وە لە جەژنی ڕەمەزانیشدا سوننەتە پێش دەرچوون بۆ نوێژ چەند دەنکە خورمایەك(یان شتێك) بخورێت.[٢٣٤] وە دروستە(دەف) لێ بدرێت و سروود بوترێ لەلایەن کچۆڵەی باڵغ نەبوو بۆ دەرخستنی شادیو خۆشی تیایدا.[٢٣٥]

نوێژی خۆرو مانگ گیران(الخُسوف وَ الکُسوف)

ئەم نوێژە بە وتنی: (الصّلاة جامِعة) خەڵکی بۆ کۆدەکرێتەوەو بانگ و قامەتی نییە، وە سوننەت وایە ئیمام دەنگ بەرز بکاتەوە تیایداو ڕاست ترین وەسفی دوو ڕکاتەو لەهەموو ڕکاتێك دا دوو چەمینەوە (الرکوع)ی تێدایە. وە لەنێوان چەمینەوەکاندا سورەتی ﴿ الفاتحة ﴾ دەخوێندرێتەوە. وە سوننەتە لەوکاتەدا خێرو چاکە زۆر بکرێ وەك پاڕانەوەو تەکبیرات و خێرکردن و داوای لێخۆشبوون کردن لەخوای گەورە.[٢٣٦] بەڵام تەپڵ و تەنەکەو دەف لێدان لەوکاتەدا داهێنراوو (بدعة)یەو لە خووڕەوشتی ناموسڵمانانە.

---

(٢٣٤) بڕوانە احکام العیدین/ علي حسن علي عبدالحمید الحلبي الاثري.
(٢٣٥) البخاري (٩٤٩) و(٩٥٢) و(٩٨٧) و(٣٥٣٠)و(٣٩٣١) ورواه مسلم(٨٩٢) وغیرهما عن عائشة(رضي الله عنها).
(٢٣٦) بڕوانە الأدلة الرضیة... / للشوکاني لاپەڕە ٩١- ٩٣.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

نوێژه بارانه(صلاةُ الإستِسقاء)

سوننەتە لەکاتی باران نەبارین دا بکرێت‌و ئەم نوێژە لە دەرەوەی شار ئەنجام دەدرێت و دووڕکاتەو لەدوایی‌دا ئیمام ووتارێك دەخوێنێتەوە. کەتیایدا باسی یادی خواو هەڵنان دەکات بۆ گوێ ڕایەڵی کردنی خوای گەورەو سەرزەنشت کردنی یاخی بوون باس دەکات. وە ئیمام‌و ئەوانەی کە لە گەڵیدان زۆر داوای لێ خۆشبوون لەخوای گەورە دەکەن‌و دەپاڕێنەوە بۆ لاچوونی ئەم نەبارینی بارانە، لەو دوعایانەش کە دەیکەن بڕوانە لاپەڕە (١٤٢-١٤٣) لەم نامیلکەیەدا. وە ئیمام پۆشاکەکەی هەڵدەگێڕێتەوەو بە هەڵگەڕاوەیی لەبەری دەکات.(٢٣٧)

نوێژی نیازو داوای چاکە کردن لەخوای گەورە (صَلاةُ الإستِخارَة)

جابری کوڕی عبدالله (ڕەزای خوای لێ بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) داوای چاکە کردن (الإستِخارَة)ی

(٢٣٧) بڕوانە (الأدلة الرضية) لاپەڕە(٩٤-٩٥).

تێبینی: وە پێغەمبەر(ﷺ) دوعای نوێژە بارانەی لەخوای گەورە کرد پشتی دەستەکانی بەرزکردووە بەرەو ئاسمان/ رواه مسلم(٨٩٦) عن أنس(رضي الله عنه).

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

فێردەکردین کە لە هەموو کارێکدا ئەنجامی بدەین، هەروەکو چۆن سورەتێکی قورئانی فێر دەکردین و دەیفەرموو: ئەگەر کەسێك لە ئێوە ویستی کارێك بکات. با دوو ڕکات نوێژ بکات جگە لەفەرزەکان، پاشان با بپاڕێتەوەو بڵێ:

((اللهُمّ إنّي أستخيرُكَ بعلْمكَ.وَأستَقدرُكَ بقُدْرَتكَ. وَأسألُكَ مِنْ فَضلكَ العَظيم. فإنّكَ تَقْدرُ وَلا أقدرُ وَتَعلَمُ وَلا أعْلَمُ. وَأنْتَ عَلاّمُ الغُيوبِ. اللهُمَّ إنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أنّ هذا الأمْرَ – ناوی پێویستییەکەی دەهێنێ – خَيرٌ لي في دِيني وَمَعاشي وعاقبَةِ أمري. یان فەرمووی – عاجِله وَآجلهِ – فاقدُرهُ لِي وَيَسِّرهُ لِي ثُمَّ بارِكْ لي فيهِ. وَإنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أنَّ هذا الأمرَ شَرٌّ لِي فِي دِيني وَمَعاشي وَعاقِبَةِ أمري ، یان فەرمووی – عاجِله وَآجلهِ – فاصرِفْهُ عَنّي وَاصرِفْني عَنْهُ،وَاقدُرْ لِيَ الخيرَ حَيثُ كانَ ثُمَّ أرضِني بهِ))(٢٣٨)

واتە: خوایە من بە زانستی خۆت داوای خێر و چاکەت لێ دەکەمو داوای توانات لێ دەکەم بەتواناای خۆت. وە لە فەزڵی گەورەت داوات لێ دەکەم. بەڕاستی تۆ دەتوانیو من ناتوانمو تۆ زانایو من نازانمو تۆ زانای نهێنی و غەیبەکانی. خوایە ئەگەر ئەم مەسەلەیە چاکەو خێری تیایە بۆ دینو ژیان و بژێویو کۆتایی تەمەنم، یان ئێستاو کۆتایم، ئەوا خوایە بەنسیبم بکەیتو ئاسانی بکەیت لەسەرم و بەرەکەتی تێ بخە بۆم . وە ئەگەر ئەم

(٢٣٨) البخاري ١٦٢/٧.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

كاره خراپه بۆ دين‌و بژێوی‌و كۆتـايی تەمەنم. يـان ئێستاو كۆتايم. ئەوا خوايە لێم دوور بخەرەوەو منيش لەو دووربخەرەوەو خەيرو چاكەم بەنسيب بكە لـە هەرشـوێنێكەو پاشان دەروونم ڕازی بكە پێی.

وە پەشيمان نابێتەوە ئەوكەسەی داوای چاكەو خێر(استِخارَة) لە خوای گەورە بكات‌و ڕاوێژ بە بڕواداران بكات‌و لەكارەكەی بچەسپێ. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَ شاوِرهُم في الأمرِ فإذا عَزَمْتَ فَتوكَّلْ عَلَى اللّهِ ﴾.(آل عمران: ١٥٩)

واتە: مشۆرەت بە موسڵمانان بكە لە مەسەلەداو ئەگەر لەسەر كارەكەت چەسپايت ئەوا پشت بەخوا ببەستە تيايدا.[٢٣٩]

نوێژی(صلاة التَّسبيح)

ئەم نوێژە چوار ڕكاتە و شێوەكەی كـەمێك جياوازی نـاوەكی هەيـە لەگـەڵ نوێـژەكانی تـردا، ئـەويش بـەم شـێوەيە ئـەنجام دەدرێت:-

دوای تەكبيری نوێژ دابەستن سورەتی﴿ الفاتحة ﴾و سورەتێكی تر دەخوێنێت و پاشان هەر بە پێوە(١٥) جار دەڵێی(ســبحان الله وَالحمدُ للهِ وَلا إله إلاّ الله وَاللهُ أكــبر) پاشـان دەچـەميتەوەو(١٠)

---

(٢٣٩) مختصر تفسير ابن كثير ١/٣٣٣.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

جاريش لە چەمینەوەدا دەیڵێیت. ئینجا ڕاست دەبیتەوە لە چەمینەوەو(١٠) جار ئەم نزایە دەڵێیتەوە. پاشان کوڕنوش دەبەیت و(١٠) جار دەیڵێیتەوە، پاشان سەربەرز دەکەیتەوە لە کوڕنوش و(١٠) جار دەیڵێیتەوە. پاشان کوڕنوشی دووەم دەبەیت و(١٠) جار دەیڵێیتەوە. پاشان سەرت لە کوڕنوش بەرز دەکەیتەوەو پێش هەستانەوە بۆ ڕکاتی دووەم(١٠) جار دەیڵێیتەوە، بە هەمان شێوە ڕکاتەکانی تریش هەر ئاوەها ئەنجام دەدرێت. واتە لە هەر ڕکاتێکدا(٧٥) جار ئەو ذیکرە دووبارە دەکرێتەوە، ئەگەر توانیت ڕۆژی جارێك ئەنجامی بدە. ئەگەر نا هەفتەی جارێك. ئەگەر نەت توانی مانگی جارێك ئەگەر نا ساڵی جارێك. ئەگەر توانات نەبوولە تەمەنت دا جارێك ئەنجامی بدە.[٢٤٠]

<u>تێبینی</u>: ئەم نوێژە تایبەت نییە بەمانگی پیرۆزی ڕەمەزان و شەوی قەدرەوە. وە ئەصڵ وایە بە تەنها ئەنجام بدرێت نەك بە جەماعەت.

---

(٢٤٠) أخرجه أبوداود وابن ماجه وابن خزيمة في صحيحه. هەرچەندە ئەم نوێژە زانایان جیاوازن لە بارەی صەحیحیو ضەعیفی فەرموودەکەیەوە. بەڵام بە چەسپاوی فەرموودەی لەسەرەو کاری پێدەکرێت. وەك زۆرێك زانایانی متمانە پێکراو ڕایان لەسەریەتی. / بڕوانە(صحيح جامع الصغير وزيادته)(ص٣١٠) وە(قيام رمضان).

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

سوننەتەکانی ڕۆژی هەینی(الجُمُعَة)

١- زووهاتن بۆ مزگەوت.[٢٤١]

٢- خۆشتن(کە سوننەتێکی موئەکەدەیەو هەندێ لە زانایان پێیان وایە واجبە) وە خۆ بۆن خۆش کردن و سەرچەور کردن بە زەیت.[٢٤٢]

٣- پۆشینی پۆشاکی نوێ.[٢٤٣]

٤- نزیك بوونەوە لە ئیمام.[٢٤٤]

٥- خوێندنی سورەتی(الکَهف).[٢٤٥]

٦- زۆر صلاوات دان لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) تیایدا.[٢٤٦]

---

(٢٤١) البخاري ٢/٣٦٦ ومسلم ٢/٥٨٢.

(٢٤٢) البخاری ٢/٣٧٠.

(٢٤٣) رواه أحمد والشيخان عن أبي سعيد (رضي الله عنه) انظر فقه السنة. للسيد سابق ١/٢٩٨. وە بڕوانە(السلسلة الصحيحة)(١٢٧٩).

(٢٤٤) أبوداود ١/٦٦٣ وأحمد في المسند ٥/١١ والحاكم في المستدرك ١/٢٨٩ وصحَّحَهُ ووافقه الذهبي.

(٢٤٥) هەرکەسێ ڕۆژی هەینی سورەتی(الکَهف) بخوێنێ نورێکی بۆ دادەگیرسێ بە ئەندازەی نێوان هەردوو جومعەکە/ مستدرك الحاكم ٢/٣٦٨ وقال: هذا حديث صحيح الاسناد ولم يخرجاه. وقال الذهبي: (نعيم – أي: ابن حماد – ذو مناكير) وقال الالباني (صحيح) (صغير الجامع الصغير) ٥/٣٤٠ (ح ٦٣٤٦).

(٢٤٦) رواه أبوداود (١٠٤٧) واسناده صحيح وصحَّحَهُ ابن حبان (٥٥٠) والحاكم ١/٢٧٨ ووافقه الذهبي عن أوس بن أوس.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

بەشی شەشەم:

هەندێ کاتی گرنگ و پێویستی

نزاو پاڕانەوەی دڵتەنگیو خەفەت

١- ((اللهُمّ إنّي عَبْدُكَ ابنُ عَبْدكَ ابنُ أمَتكَ. ناصيَتي بِيَدِكَ. ماضٍ فِيّ حُكْمُكَ. عَدلٌ فِيّ قَضَاءُكَ. أسألُكَ بكُلِّ اسمٍ هُوَ لَكَ سَمَّيْتَ بِهِ نَفْسَكَ. أو أنْزَلْتَهُ في كِتابِكَ. أو عَلَمْتَهُ أحداً مِنْ خَلْقِكَ. أو استأثَرْتَ بِهِ في عِلْمِ الغَيْبِ عِنْدَكَ. أنْ تَجْعَلَ القُرآنَ رَبيعَ قَلْبي. وَنُورَ صَدْري. وَجَلاءَ حُزني. وذَهابَ هَمّي)).(٢٤٧)

واته: خوایه من بەندەتم کوڕی بەندەتم کوڕی کەنیزەكەو کۆیلەکەتم. نسیب و ناوچەوان و چارەنوسم بەدەست تۆیەو حوکمو بڕیارت بەسەرمدا رابووردووه. بڕیاردانت بەسەرم دا دادپەروەرانەیه. داوات لێ دەکەم بەهەموو ناوێك کە هەتەو خۆتت پێ ناوناوه.یان لەکتێبەکەت دا ناردووتەته خوارەوه.یان فێری یەکێك لە دروست کراوەکانت کردووه. یان لە عیلمی غەیبدا

---

(٢٤٧) هەرگیز هیچ کەسێك نییه کە تووشی ناخۆشی و خەفەتێك دەبێت و بلێت... فەرموودەکە .... ئیلا خوای گەورە غەم و خەفەتەکەی لادەبات و شوێنەکەی پڕدەکاتەوه بە دەرو لێکردنەوه و دڵخۆشیو کامەرانی. ووتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ئایا لەبەری نەکەین؟ فەرمووی: بەڵێ پێویستە هەرکەسێك دەیبیستێت لەبەری بکات/ أحمد ٣٩١/١ وصحّحَه الألباني. انظر سلسلة الأحاديث الصحيحة (٣٣٦/١) رقم(١٩٩) والكلم الطيب (ص ٧٤).

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

له لای خۆت هەڵت گرتووەو تەنها خۆت دەیزانی. کە قورئان بکەیتە بەهاری دڵم و نوری سنگم و رەوێنەرەوەی دڵ تەنگیم و لابەری خەم و خەفەتم.

٢- ((اللهُمّ إنّي أعوذُ بِكَ مِنَ الهَمِّ وَالحَزَنِ. وَالعَجْزِ وَالكَسَلِ. وَالبُخْلِ وَالجُبْنِ. وَضَلَعِ الدَّيْنِ وَغَلَبَةِ الرِّجالِ)).[٢٤٨]

واتە: خوایە پەنات پێ ئەگرم لە دڵ تەنگی و خەفەت، وە لە بێ دەستەڵاتی و بێ توانایی و تەمبەڵی. وە لە بەخیلی و ترسنۆکی. وە لە پشت چەمانەوە بەهۆی قەرزارییەوەو لەدۆڕانی پیاوانی ئیسلام و ژێرکەوتنیان.

نزاو پاڕانەوەی کاتی تەنگانەو سەخڵەتی (الكَرْب)

١- ((لا إلهَ إلاّ اللهُ العَظيمُ الحَليمُ. لا إلهَ إلاّ اللهُ رَبُّ العَرْشِ العَظيمِ. لاإلهَ إلاّ اللهُ رَبُّ السَّمواتِ وَرَبُّ الأرضِ وَرَبُّ العَرْشِ الكَريمِ)).[٢٤٩]

واتە: هیچ پەرستراوێك نییە بەهەق جگە لە(الله)ی مەزنی خاوەن حیلم و هێدی. هیچ پەرستراوێك نییە بەهەق جگە لە پەروەردگاری عەرشی گەورە. هیچ پەرستراوێك نییە بە هەق جگە لە پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی و پەروەردگاری عەرشی بەرێز.

---

(٢٤٨) البخاري ١٥٨/٧ پێغەمبەر (ﷺ) زۆر ئەم پاڕانەوەیەی دەکرد/ انظر البخاري مع الفتح ١٧٣/١١.

(٢٤٩) البخاري ١٥٤/٧ ومسلم ٢٠٩٢/٤.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

٢- ((لا إلهَ إلاّ أنْتَ سُبْحانَكَ إنـــّي كُنْتُ مِنَ الظّالِمِينَ)).(٢٥٠)

واته: هیچ پەرستراوێك نییە بەهەق جگە لە تۆ، خوایە پاكیو بێ گەردی بۆ تۆیە، بەڕاستی من لە ستەم كارانمو ستەمم لەخۆم كردووە.

٣- ((أللّهُ أللّهُ رَبّي لا أُشْرِكُ بِهِ شَيئاً)).(٢٥١)

واته: (الله)(الله) پەروەردگارمە هیچ هاوبەشێكی بۆ دانانێم.

٤- ((يا حَيُّ يا قَيّومُ بِرَحْمتِكَ أستَغيثُ)).(٢٥٢)

واته: ئەی خوای زیندوو ئەی هەڵسوڕێنەری بوونەوەر هاناو هاوار بۆلای ڕەحمەتی تۆ دەبەم.

٥- ((اللهُمّ رَحْمَتَكَ أرجوُ فَلا تَكِلْني إلى نَفْسِي طَرْفَةَ عَينٍ وَأصلِحْ لي شَأني كُلَّهُ. لآ إلهَ إلاّ أنتَ)).(٢٥٣)

---

(٢٥٠) ئەمە نزاو پاڕانەوەی یونس پێغەمبەر(عليه الصلاة و السّلام) بوو كە لە سكی حوتەكەدا كردی، هیچ موسڵمانێك نییە كە بیڵێ ئیلا وەڵام دەدرێتەوە/ الترمذي ٥/٥٢٩ والحاكم وصحّحَهُ وَ وافقَهُ الذَهَبِي ١/٥٠٥ وانظر صحيح الترمذي ٣/١٦٨ .

(٢٥١) أخرجه أبوداود ٢/٨٧ وانظر صحيح ابن ماجه ٢/٣٣٥.

(٢٥٢) رواه الترمذي(٣٥٢٢) و قال: حديثٌ غريب.عن انس (ﷺ) .قال الحاكم: حديث صحيح الاسناد، انظر الاذكار للنووي. قال عبدالقادر الأرناؤوط في تخريج كتاب(الدعاء المستجاب من السنة و الكتاب) لأحمد عبدالجواد ص٧٧: نقول وهوَ حديثٌ حَسَن.

(٢٥٣) أبوداود ٤/٣٢٤ وأحمد ٥/٤٢ وحسَّنَهُ الالباني في صحيح أبوداود ٣/٩٥٩.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

واتـــه: خوایـــه ئومێـــدی ڕەحمـــەتت دەكـــەم بـــۆ ئەنـــدازەی چاوتروكانێك مەمدەرە دەست نەفسمو هەموو كاروبارم چاك بكە. هیچ پەرستراوێك نىیە بەهەق جگە لە تۆ.

لەكاتى بەرەنگاربوونەوەى دوژمن وخاوەن دەستەلاَت دا

١- ((أللهُمّ إنّا نَجْعَلُكَ فِي نُحُورهِم. وَنَعوذُ بِـــكَ مِـــنْ شُـــرورِهِم)).[٢٥٤]

واته: خوایه خۆت بچۆ بەگژیانداو پەنادەگرم بەتۆ لە شەڕو خراپەكانیان.

٢- ((اللهُمّ أنتَ عَضُدِي. وَأنْتَ نَصِيرِي. بِكَ أجُولُ. وَبِكَ أصُولُ. وَبِكَ أُقاتِلُ)).[٢٥٥]

واتـــه: خوایـــه تـــۆ كۆمـــەك و تـــۆ پـــشتیوانو ســـەرخەرمی. بەتۆوە ئەجوڵێمو بەتۆوە هەڵمەت ئەبەمو بەتۆوە ئەجەنگمو كوشتار دەكەم.

٣- ((حَسْبُنا اللهُ وَنِعْمَ الوَكِيلُ)).[٢٥٦]

واته: خوامان بەسەو چاكترین پشتیوانە.

---

(٢٥٤) أبوداود ٢/٨٩ وصَحَّحَهُ الحاكم ووافقه الذهبي ٢/١٤٢.
(٢٥٥) أبوداود ٣/ ٤٢ والترمذي ٥/٥٧٢ وانظر صحيح الترمذي ٣/١٨٣.
(٢٥٦) البخاري ٥/١٧٢.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

نزاو پاڕانەوەی کەسێك کە لە ستەمی خاوەن دەستەڵاتێك بترسێ

١- ((اللهُمّ رَبَّ السَّموات السَّبعِ. وَرَبَّ العَرْشِ العَظيمِ. كُنْ لِي جاراً مِنْ فُلانِ بنِ فُلان. وَأحزابه مِنْ خَلائقكَ. أنْ يَفرُطَ عَليَّ أحدٌ مِنْهُم أو يَطْغَى. عَزَّ جارُكَ. وَجَلَّ ثَناؤُكَ . وَلا إلهَ إلاّ أنْتَ))[٢٥٧].

واتە: خوایە پەروەردگاری حەوت ئاسمانەکان و پەروەردگاری عەرشی مەزن. پشتیوانم بە لە دژی فلاّنی کوڕی فلاّن و پارت و کۆمەڵەکەی لە دروست کراوەکانت. لەوەی کەیەکێکیان زاڵ بن بەسەرمدا یان دەستم لێ بێننەوە. بەهێزە پشتیوانیت بۆ خەڵکی و هەر کەس پەنات پێ بگرێت شکۆمەندە و ستایشت پیرۆزو دیارەو هیچ پەرستراوێك نییە بە هەق جگە لە تۆ.

٢- ((اللهُ أكبَر. اللهُ أعَزُّ مِنْ خَلْقه جَميعاً. أللهُ أعَزُّ مما أخافُ وَأحذَرُ. أعوذُ باللهِ الّذي لآ إلهَ إلاّ هُوَ. الُمْسك السَّمواتِ السَّبْعِ أنْ يَقَعْنَ عَلَى الأرضِ إلاّ بإذنه. مِنْ شَرِّ عَبْدِكَ فُلان وَجُنوده وأتباعه وَأشياعه. مِنَ الجِنِّ وَالإنسِ. اللهُمّ كُنْ لِي جاراً مِنْ شَرِّهم. جَلّ ثَناؤكَ وَعَزَّ جارُكَ. وَتَبارَكَ اسْمُكَ وَلا إلهَ غَيرُكَ))(سێ جار).[٢٥٨]

---

(٢٥٧) البخاري في الادب المفرد برقم ٧٠٧ وصَحَّحَهُ الالباني في صحيح الادب المفرد برقم ٥٤٥.

(٢٥٨) البخاري في الادب المفرد برقم ٧٠٨ وصَحَّحَهُ الالباني في صحيح الادب المفرد برقم ٥٤٦.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

واتـه: خـوا گەورەیـه. خـوا لەهـەموو دروسـت کراوەکـانی دەستەڵاتدارترەو شکۆمەندترە، خوا دەستەڵاتدارترە لە هـەموو ئەوەی کە لـێی دەترسمو سڵی لـێ دەکەمەوە. پەنا دەگرم بـەو خوایەی کە پەرستراوی تر نییە بەهەق جگە لـەو، راگیرکەری حەوت ئاسمانەکان تانەکەون بەسەر زەویدا بە ئیزنی خۆی. لەخراپەی فلانی بەندەتو سەربازو شوێن کەوتەو کۆمەڵەکانی لەجنۆکەو مرۆڤ. خوایە پشتیوانم بە لە خراپەیان. ستایشت پیرۆزو دیارەو ئەو کەسەی پەنات بۆ دێنێ شکۆمەندەو ناوت بەرزو پیرۆزەو هیچ پەرستراوێك نییە بەهەق جگە لە تۆ.

نزاو پاڕانەوە لە دوژمن

((اللهُمّ مُنْزِلَ الكِتابِ. سَرِيعَ الحِسابِ. إهزِمِ الأحـزابَ. اللـهُمّ اهْزِمْهُم وَزَلْزِلْهُم)).(٢٥٩)

واتە: خوایە دابەزێنەری قورئان. حیسابت خێرایە. حیزبو کۆمەڵە بێ باوەڕەکان بشکێنە. خوایە شکستیان پێ بهێنەو جێ پێیان لەق بکەو ڕاچەمانیان تێبخە.

ئەگەر لەکۆمەڵێك ترسایت

((اللهُمّ أكفنيهِم بِما شِئتَ)).(٢٦٠)

---

(٢٥٩)مسلم ١٣٦٢/٣.

(٢٦٠) ئەمە ووتەی مناڵەکەی (أصحاب الأُخدود) ە کە لە بێ باوەڕەکانی کرد/ مسلم ٢٣٠٠/٤.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

واته: خوایه بەهەر شتێك تۆ ویستت لایەتی لەناویان بەرەو کۆتایی یان پێ بێنه.

ئەگەر بینیت موسڵمانان شکان لەجەنگێك دا

((اللهُمّ أعتَذِرُ إليكَ مِمّا صَنَعَ هؤلآءِ _ يَعني أصحابَهُ _ وأبرَأ إليكَ مِمّا صَنَعَ هؤلآءِ _ يَعني الـــمُشرِكينَ _)).(٢٦١)

واته: خوایه خەجاڵەتی دەردەبڕم و بەهانە دێنمەوە بۆت لەوەی ئەوکۆمەڵە کردیان _ واته هاوەڵەکانی _ لە شکستی توش بوون و پشت هەڵکردن. وە خۆبەری دەکەم لەوەی ئەو کۆمەڵە پێی هەستان _ واته هاوبەش پەیداکەران _ لە دژایەتی کردن و ئەزیەت دانی موسڵمانان.

لەسەرەمەرگی شەهیدیدا

بڵێ: ((اللهُ أكبَر. فُزْتُ وَرَبُّ الكَعْبَةِ)).(٢٦٢)

واته: خوا گەورەیە. بە پەروەردگاری کەعبە بردمەوە.

---

(٢٦١) ئەمە ووتەی ئەنەسی کوڕی نەضرە (رەزای خوای لێ بێ) کە لە ڕۆژی ئوحوددا کە بینی موسڵمانان دەشکێن و هەڵدێن. وە لە دوایی‌دا جەنگاو شەهید بوو، بینیان هەشتاو ئەوەندە زامی پێوە بوو، کەس نەیناسییەوە جگە لە خوشکێکی نەبێت ئەویش بە نیشانەیەکدا ناسییەوە کە بە پەنجەیەوە بوو/ البخاري ٦/١٦، ١٧ و مسلم (١٩٠٣)

(٢٦٢) ئەمە ووتەی حەرامیی کوڕی مەلحان ی خاڵی ئەنەسی کوڕی مالیکە کە لە کاتی شەهید بوونی‌دا لە(بئر المعونة)دا فەرمووی/ بڕوانە(الرحيق المختوم)ص(٢٦٧).رواه البخاري و مسلم، بەڵام لە ڕیوایەتی مسلم دا(الله أكبر)ی تێدا نییە. عن أنس(رضي الله عنه) انظر الأذكار للنووي ص(١٩٢).

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

له كاتى پەيدا بوونى گومان له ئيمان دا

١- پەنا دەگرێ بەخواى گەورە.(٢٦٣)

٢- كۆتايى لەو شتە دێنێ كە گومانى هەيە تيايدا.(٢٦٤)

٣- بلێ: «آمَنتُ بِاللهِ وَرُسُلِه».(٢٦٥) واتە: ئيمانم هێنا بە خواو پێغەمبەرەكانى(عليهم الصلاة و السلام).

٤- ئەم ئايەتە دەخوێنێتەوە: ﴿ هوَ الأَوَّلُ وَالآخِرُ وَالظَّاهِرُ وَالباطِنُ وَهوَ بِكلِّ شَيءٍ عَليم ﴾.(٢٦٦)

واتە: خوا ئەو خوايەيە كە يەكەمين و دوايەمين و زاڵە بەسەر هەموو شتێك دا بەزانستىو پەنهانە بەسەر هەمووشتێك دا بە زانستىو بە هەموو شتێك ئاگادارەو زانايە.(٢٦٧)

---

(٢٦٣) البخاري مع الفتح ٦/٣٣٦ ومسلم ١/١٢٠.

(٢٦٤) البخاري مع الفتح ٦/٣٣٦ ومسلم ١/ ١٢٠.

(٢٦٥) مسلم ١/١١٩-١٢٠.

(٢٦٦) سورة الحديد: الآية (٣) . أبو داود ٤/٣٢٩ وحسَّنَهُ الالباني في صحيح أبوداود ٣/٩٦٢.

(٢٦٧) مختصر تفسير ابن كثير ٣/٤٤٠.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

نزاو پاڕانەوەی قەرزاری

١- ((اللهُمَّ أكفِني بِحَلالِكَ عَن حَرامِـــكَ. وأغْنِنــــــي بِفَـــضلِكَ عَمَّنْ سِواكَ)).[٢٦٨]

واتە: خوایە بە حەڵاڵی خۆت تێرم بکەو بێنیازم بکە لەحەرامت تا مەجبوری نەبم و بە فەزڵی خۆت دەوڵەمەندو بێنیازم بکە لە غەیری خۆت.

٢-((اللهُمّ إنّي أعوذُ بكَ منَ الـــهَمِّ وَالحَزَن. وَالعَجْزِ وَالكَـــسَلِ، وَالبُخْلِ وَالجُبن. وَضَلَعِ الدَّينِ وَغَلَبةِ الرِّجالِ)).[٢٦٩]

واتە: خوایە پەنات پێ ئەگرم لەدڵ تەنگیو خەفەت. وە لە بێدەستەڵاتیو تەمبەڵی. وە لە بەخیلی و ترسنۆکی. وە لە پشت چەمانەوە بەهۆی قەرزارییەوەو لە دۆڕانی پیاوانی ئیسلام و شکست هێنانیان.

ئەگەر کارێکت لەسەر گران بوو

((اللهُمّ لاسَهْلَ إلاّ ماجَعَلتَهُ سَهلاً.وأنتَ تَجعَلُ الحَزْنَ إذا شِئتَ سَهلاً))[٢٧٠]

---

(٢٦٨) هەرکەس ئەمە بڵێ و بە ئەندازەی شاخی(صبیر)قەرزار بێت، خوای گەورە دانەوەی بۆ ئاسان دەکات/ الترمذي ٥/٥٦٠ (٣٥٦٣) و حَسَّنَهُ الألْباني في صَحِيح الجامع(٢٦٢٥) وانظر صحيح الترمذي ٣/١٨٠ .

(٢٦٩) البخاري ٧/١٥٨.

(٢٧٠) رواه ابن حبان في صحيحه برقم (٢٤٢٧) (موارد) وابن السني برقم (٣٥١) وقال الحافظ: هذا حديث صحيح. وصحّحه عبدالقادر الارناؤوط في تخريج الاذكار للنووي ص (١٠٦).

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

واتە: خوایە هیچ کارێکی ئاسان نیە مەگەر ئەوەی تۆ ئاسانت کردووە. وە تۆ ئەگەر ویستت لێ بێ زبریو ڕەقیو گرانی زەوی ئاسان دەکەیت.

ئەو نزایەی کە شەیطان و دوو دڵییەکانی ڕاودەنێ

١- پەنا گرتن بەخوای گەورە لێی. (٢٧١)

٢- بانگ دان. (٢٧٢)

٣- ذیکرە شەرعیەکان و خوێندنەوەی قورئان. (٢٧٣)

---

(٢٧١) أبوداود ٢٠٦/١ والترمذي وانظر صحيح الترمذي ٧٧/١ وانظر سورة المؤمنون آية (٩٨ – ٩٩).

(٢٧٢) مسلم ١/ ٢٩١ والبخاري ١٥١/١.

(٢٧٣) (ماڵەکانتان مەکەن بە گۆڕستان. بەڕاستی شەیطان لەو ماڵە ڕادەکات کە سورەتی (البَقَرة) ی تێدا دەخوێندرێ) مسلم ٥٣٩/١. وە لەو نزایانەی کە شەیطان ڕاودەنێ: ذیکری بەیانیان و ئێواران‌و خەوتن‌و هەستان لەخەوو ذیکری چوونەماڵ‌و هاتنە دەرەوە لێی‌و ذیکری چوونە مزگەوت‌و هاتنە دەرەوە لێی‌و غەیری ئەمانە لە ذیکرە شەرعیەکان وەکو خوێندنی (آية الكرسي) لە پێش خەوتنداو خوێندنی دووئایەتی کۆتایی سورەتی(البَقَـرَة). وەهەرکەسێك(سەد) جار بڵێ (لا إلهَ إلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيكَ لهُ. لَهُ المُلْكُ وَلَهُ الحَمْدُ وَهُوَ عَلى كُلّ شَيءٍ قدير) ئەوا دەبێتە قەڵغان بۆی لەشەیطان بەدرێژایی ئەو ڕۆژە. وەهەروەها بانگ دان شەیطان ڕاودەنێ.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

ئەو نزایەی بۆ دەرکردنی فێڵی شەیطان و داردەستەکەی دەووتریَ

((أعوذُ بَكَلِماتِ اللهِ التّامّاتِ الّتي لا يُجاوزُهُنَّ بَرٌّ وَلا فاجِرٌ مِنْ شَرِّ ما خَلَقَ. وَبَرأَ وَذرَأ. وَمِنْ شَرِّ ما يَنْزِلُ مِنَ السَّماءِ. وَمِنْ شَرِّ ما يَعْرُجُ فيها. وَمِنْ شَرِّ ما ذرأَ في الأرضِ. وَمِنْ شَرِّ ما يَخْرُجُ مِنْها. وَمِنْ شَــرِّ فِتَنِ اللّيلِ وَالنَّهار. وَمِنْ شَرِّ كُلِّ طــارقٍ إلاّ طارقــاً يَطــرُقُ بِخَــيرٍ يارَحْمن)).[274]

واتــە:پــەنا ئــەگرم بــە ووشــە تــەواوەکانی خــوای گــەورە کــە چاکەکارو خراپەکار ناتوانن بیبەزێنن، لەخراپەی ئەوەی دروست کــراوەو دێــتو دەچــێ. وەلــە خراپــەی ئــەوەی لــە ئاسمانــەوە دادەبەزێو خراپەی ئەوەی سەردەکەوێ بۆی. وە لـە خراپـەی ئـەوەی کـە لـە زەویـدا دەڕواو دەچێتە نـاویو ئـەوەی لێـوەی دەردێت. وە لە خراپەی ئاشووبەی شـەوو ڕۆژ. وە لـە خراپـەی هەموو لـێدەرێکی قاپی کە بەشەو لە دەرگا بدات مەگەر لێدەرێك کە بەخێر لـێ بدات ئەی خوای بەبەزەیی.

(٢٧٤) أحمد ٤١٩/٣ بإسنادٍ صحيح وابن السني برقم (٦٣٧) وصَحَّحَ اسناده الارناؤوط في تخريجه للطّحاوية ص(١٣٢) وانظر مجمع الزوائد ١٢٧/١٠.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

ئەگەر كارێكت ویست و سەری نەگرت و وا دەرنەچوو

١-(بڕواداری بەهێز چاكترەو خۆشەویست ترە بە لای خوای گەورەوە لە بڕواداری لاوازو لە هەموو چاكەیەكدا. سوور بە لەسەر ئەو شتەی كەڵكت پێدەگەیەنێو پشت بەخوا ببەستەو دەستەوستان و لاواز مەبە. وە ئەگەر شتێكت تووش هات مەڵێ ئەگەر ئاواو ئاوام بكردایە ئەوا ئاواو ئاوا دەبوو. بەڵكو بڵێ: ((قَدَرُ اللهِ وَما شآءَ فَعَلَ)). واتە: بڕیاری خوای گەورەو ئەو شتەی ویستی بوو كردیو ئەنجامیدا. چونكە ووشەی(ئەگەر) دەرگای كاری شەیطان دەكاتەوە).[٢٧٥]

لە كاتی پژمین(العَطَس)دا

١- دەست یان كراسەكەت بخەرە سەر دەمت و دەنگت نزم بكەرەوە.[٢٧٦]

٢- ئەگەر یەكێك لە ئێوە پژمی با بڵێ: ((أَلْحَمْدُ لِلهِ))[٢٧٧] یان ((أَلْحَمْدُ لِلهِ على كُلِّ حالٍ)).[٢٧٨]

---

(٢٧٥) مسلم ٢٠٥٢/٤.

(٢٧٦) أبوداود (٥٠٢٩) والترمذي (٢٧٤٦) وقال: حديث حسن صحيح، وسنده حَسَنٌ عن أبي هريرة (رضي الله عنه).

(٢٧٧) البخاري ١٢٥/٧.

(٢٧٨) صحيح (صحيح سنن أبى داود ٩٤٩/٣).

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

واته: سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە لەسەر هەموو حاڵێك. وە با براکەی یان هاوەڵەکەی پێی بڵێ: ((يَرْحَمُكَ الله)).واته:خوا ڕەحمت پێبکـات، وە ئەگـەر وتـی: ((يَرحَمُـــــكَ الله)) ئـەم پـێی بڵـێ: ((يَهدِيكُمُ الله وَيُصلِحُ بالَكم)).[279]

واته: خوا ڕێنماییتان بکات و حاڵتان بۆ چاك بکات.

٣- ((ئەگەر کەسێك لە ئێوە پژمیو سوپاسی خوای کردو بیستتان [هەمووتان] وەڵامی بدەنەوە بە: ((يَرحَمُكَ الله)) بەڵام ئەگەر سوپاسی خوای نەکرد وەڵامی مەدەنەوە)).[280]

تێبینی: هەتا سێجار وەڵامی کەسێك بدەرەوە کە پژمی بە(يَرحَمُكَ الله). ئەگەر زیاد لـە سێجار پـژمی وەڵامـی مـەدەرەوە چونکە دیـارە نەخۆشەو هەڵامەتییەتی.[281]

ئەگەر بێباوەڕێك پژمیو (الحَمدُ لله) ی کرد

پێی بڵێ ((يَهدِيكُمُ اللهُ وَيُصلِحُ بالَكُم)).[282]

لە کاتی باوێشك دان(التّثاؤب)دا

١- ((باوێشك لە شەیطانەوەیە.ئەگەر باوێشکت هات تـا دەتـوانی بیگێڕەوە چونکە شەیطان لەوکاتەدا پێت پێ دەکەنێت)).[283]

---

(٢٧٩) البخاري ٧/١٢٥.

(٢٨٠) مسلم ٤/٢٢٩٢.

(٢٨١) بۆ درێژەی ئەمە بە بەڵگە صەحیحەکانیەوە بڕوانە(الأذكار) لاپەڕە (٢٦٧-٢٦٨).

(٢٨٢) الترمذي ٥/ ٨٢ وأحمد ٤/٤٠٠ وأبوداود ٤/٣٠٨ وانظر صحيح الترمذي ٢/٣٥٤.

(٢٨٣) البخاري ١٠/٥٠١ عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

٢- ((ئەگەر باوێشكت دا دەست بخەرە سەردەمت چونكە شەيطان دەچێتە ناوى)).(٢٨٤)

نزاو پاڕانەوە بۆ موسڵمانێك ئەگەر هاوسەرى هێنا(دواى مارە بڕين)

١- پێى بڵێ: ((بارَكَ اللهُ لَكَ. وَبارَكَ عَلَيكَ. وَجَمَعَ بَينَكُما في خَيرٍ)).(٢٨٥)

واتە: خوا لێت پيرۆز بكات و بەرەكەت بڕژێ بە سەرت داو لەسەر خێر كۆتان بكاتەوە.

٢- يان بڵێ: ((اللهُمّ بارِكْ فيهما وَبارك لَهُما في بِنائِهِما)).(٢٨٦)

واتە: خوايە بەرەكەت بڕژە بە سەريانداو بەرەكەت بخەرە نەوەكانيانەوە.

٣- يان بڵێ: ((عَلَى الخَير وَالبَرَكَةِ وَعلى خَيرِ طائِرٍ)).(٢٨٧)

واتە: لە خوا دەپاڕێمەوە لەسەر چاكەو فەڕو پيرۆزى بێت و لەسەر نسيبێكى چاك كۆى كردبێتنەوە.

---

(٢٨٤) رواه مسلم (٢٩٩٥) عن أبي سعيد الخدري(رضي الله عنه).
(٢٨٥) أخرجه أصحاب السنن إلاّ النسائي وانظر صحيح الترمذي ٣١٦/١.
(٢٨٦) رواه الطبراني في الكبير وحسّنه الألباني (آداب الزفاف ص ٧٧).
(٢٨٧) رواه البخاري ٣٦/٧.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

نزاو پاڕانەوەی ژن هێنەرو بکڕی هۆی گواستنەوە

(ئەگەر یەکێك لە ئێوە ژنی هێناو خێزانی پەیدا کرد. یان خزمەتکارێکی کڕی[٢٨٨] با ناوچەوانی بگرێو بڵێ: ((اللهُمّ إنّي أسألُكَ خَيرَها وَخَيرَ ما جَبَلتَها عَلَيهِ. وَأعوذ بِكَ مِن شرِّها وَشَرِّ ما جَبَلْتَها عَلَيهِ)).

واتە: خوایە من داوای چاکەی ئەمەو ئەو چاکەیەت لێ دەکەم کە خستوتە سەریو پەنات پێ ئەگرم لە خراپەکەیو لەو خراپەیەی کە خستوتەتە سەری. وە ئەگەر حوشترێکی کڕی با دەست بگرێ بە پێشی سەریەوەو هەروەکو ئەمە بڵێ).[٢٨٩]

نزاو پاڕانەوەی پێش چوونە لای خێزان و (جیماع کردن)

((بِسْمِ اللهِ. اللهُمّ جَنِّبْنا الشَّيطانَ. وَجَنِّبِ الشَّيطانَ مارَزَقْتَنا)).[٢٩٠]

---

(٢٨٨) وە ئەگەر ئۆتۆمبیلی کڕی هەمان کار دەکات و دەست دەگرێ بەسەر ئۆتۆمبێلەکەوەو دەیڵێ... .

(٢٨٩) أبوداود ٢/٢٤٨، وابن ماجه ١/٦١٧ وانظر صحيح ابن ماجه ١/٣٢٤. وهو حسن.

(٢٩٠) ئەگەر ئەمە بڵێو منداڵیان بوو ئەوا شەیطان هەرگیز ناتوانێ زیانی پێ بگەیەنێ/ البخاري ٦/١٤١ ومسلم ٢/١٠٢٨.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

واتە: بە ناوی خوا. خوایە شەیطانمان لێ دوور بخەرەوەو شەیطان لەو منالەش دوور بخەرەوە کە پێمان دەبەخشی.

ئەو نزاو پاڕانەوەی کە منداڵی پێ پەنا دەدرێ

ابن عەباس(ڕەزای خوایان لێ بێت) فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا(ﷺ) حەسەن و حوسەینی پەنا دەدا بەمە: ((أعيذُكُما بِكَلِماتِ اللهِ التّامَّةِ. مِنْ كُلِّ شَيطانٍ وَهامَّةٍ. ومِنْ كُلِّ عَينٍ لامّةٍ)).[291]

واتە: پەناتان دەدەم بە ووشە تەواوەکانی خوای گەورە، لە هەموو شەیطان و گیانلەبەرو زیندەوەرێکی زیانبەخشی خاوەن ژەهر. وە لە هەموو چاوێکی لۆمەکراوو پیس. (یان – مِنْ كُلّ عَينٍ لامّة **– واتە: لە هەموو دەردو نەخۆشییەك کە مرۆڤ دەیگرێ لە شێتیو کەم عەقڵی)**[292]

وە دەیفەرموو: ئەمە ئیبراهیم پێغەمبەر(علیه الصلاة والسلام) ئیسماعیل و ئیسحاقی کوڕی پێ پەنا دەدا.[293]

ئەگەر منداڵتان بوو

١– هۆزەبانە(العقيقة)ی بۆ بکە. ئەویش سەربڕینی دوو مەڕە بۆ نێرو یەك مەڕ بۆ منداڵی مێینە.[294]

---

(٢٩١) البخاري ٤/١١٩.
(٢٩٢) الفتح ٦/٣٧٣.
(٢٩٣) البخاري (٣٣٧١).
(٢٩٤) أخرجه الترمذي ٤/٩٦ رقم(١٥١٣) وقال: حديث حسن صحيح، وهو حديث صحيح.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

٢- ئەمە لە ڕۆژی حەوتەم دا دەكرێت و منالەكە ناو دەنرێت بە ناوێكی جوانی شەرعی. (٢٩٥) ئەگەر نەكرا ئەتوانرێ لە(١٤) یان (٢١)دا بكرێ. (٢٩٦)

٣- وە گۆش(تَحنيك) دەكرێت، ئەویش بە خورمایەك لەدەمی خۆت دا شلی بكەرەوەو بیدە لەمەلاشوویو دوعای خێری بۆ بكە. (٢٩٧)

٤- وە سەری دەتاشرێو بە ئەندازەی كێشەكەی زیو دەبەخشیتەوە بەسەر هەژاران دا. (٢٩٨)

---

(٢٩٥) أخرجه أبوداود ٣/٢٦٠ رقم(٢٨٣٨) والترمذي ٤/١٠١ رقم(١٥٢٢) والنسائي ٧/١٦٦ رقم(٤٢٢٠) وابن ماجه وغيرهم. وهو حديث صَحيح. وأنظر ابن ماجه (٣١٦٥).

(٢٩٦) موقوف على عائشة. انظر(صحيح الجامع الصغير).

(٢٩٧) صحيح(صحيح سنن أبي داود ٣/٩٦١). وەهەروەها ئەبی موسی دەفەرموێت: (منالێكمان بوو بردم بۆلای پێغەمبەر(ﷺ)و ئەویش ناوی نا ئیبراهیم و خورمایەكی لە دەمی خۆیدا شل كردەوەو دەمیمنالەكەی پێ شیرین كردو پاڕایەوە بۆی بە بەرەكەت و دایەوە پێم...). رواه البخاري(٦١٩٨) ومسلم من حديث أبي موسى الأشعري/ أنظر تحفة الذاكرين ص١٨٢.

تێبینی: سەبارەت بە فەرموودەیبانگ دان بەگوێی منداڵدا بەبانگی نوێژ لە حەوتەم ڕۆژیدا شێخی ئەلبانی دەفەرموێت: فەرموودەیەكی ضەعیفە(بڕوانە سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة ١/٤٩٤. مكتبة المعارف- الرياض) بەلاَم هەندێ لە زانایان كار بەم فەرمودەیە دەكەن لەوانە: ئیمامی النووی(بڕوانە الأذكار) وە ابن القيم لە(أحكام المولود)دا وە الدهلوی لە(حجة الله البالغة)، وە هەندێك زانای تر پێی وایە كە لە پێشینی چاكەوە وارد بووە كە كردوویانە... والله أعلم.

(٢٩٨) أخرجه أحمد في المسند ٦/٣٩٠ والبيهقي في(السنن الكبرى) ٩/٣٠٤. وهو حديث حَسَن.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

فەزڵی سەردانی کردنی نەخۆش

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: ((إذا عادَ الرّجُل أخاهُ المُسلمَ مَشَى في خرافَة الجَنّة حَتَى يَجلْسَ. فإذا جَلَسَ غَمَرَتهُ الرّحْمَةُ. فـإنْ كانَ غُدْوَةً صَلّى عَلَيه سَبْعُونَ ألفَ مَلَك حَتَى يُمْسيَ، وَإن كانَ مَساءً صَلّى عَلَيهِ سَبْعوُنَ ألْفَ مَلَكٍ حَتَى يُصبِحَ)).(٢٩٩)

واتە: ئەگەر پیاوێك سەردانی برا موسڵمانەکەی بکات و نەخۆشییەکەی بەسەر بکاتەوە ئەوا بەناو باخێکی میوەی بەهەشت دا دەڕوات هەتا دادەنیشێ. وەکاتێ دانیشت بەزەیی خوایی دای دەپۆشێت و دای دەگرێتەوە. وەئەگەر بەیانی بێت حەفتا هەزار مەلائیکەت بۆی دەپاڕێنەوە هەتا ئێوارەی لێدەبێتەوە. وەئەگەر ئێوارە بێت حەفتا هەزار مەلائیکەت بۆی دەپاڕێنەوە هەتا بەیانی لێدەبێتەوە.

نزاو پاڕانەوە بۆ نەخۆش لە کاتی سەردانی کردنیدا

١- پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەگەر بچوایە بۆ سەردانی نەخۆشێك پێی دەفەرموو: ((لا بَأسَ طَهورٌ إن شـآءَ اللهُ)).(٣٠٠) **واتە هیچ نییە پاك دەبێتەوە لە گوناه بە ویستی خوای گەورە.**

---

(٢٩٩) رواه الترمذي وابن ماجه وأحمد وانظر صحيح ابن ماجه ١/٢٤٤ وصحيح الترمذي ١/ ٢٨٦ وصحّحهُ أيضاً أحمد شاكر.

(٣٠٠) البخاري مع الفتح ١٠/١١٨.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

٢-(هیچ بەندەیەکی موسڵمان نییە کە سەردانی نەخۆشێك بکات کە ئەجەلی نەهاتبێ‌و حەوت جار بڵێ: ((أسألُ اللهَ العَظيمَ رَبَّ العَرشِ العَظيمِ أنْ يَشفيَكَ)) ئیلا چاك دەبێتەوە).[301]

واتە: داوا ئەکەم لە خوای مەزنی پەروەردگاری عەرشی مەزن کە شیفات بدات.

٣-((اللهُمّ اشفِ عَبْدَكَ يَنْكَأُ لَكَ عَدوّاً. أو يَمشي لَكَ إلى جَنازَةٍ)).[302]

واتە: خوایە شیفای بەندەکەت بدە تا دوژمنت بۆ بۆڕ بدات(بەوەی زۆریان لێ‌بریندارو کوژراو بخات). یان لەبەر تۆ بچێت بە دوای جەنازەیەکداو شوێنی بکەوێ.

٤- ((بِسْمِ اللهِ أرقيكَ. مِنْ كُلّ شَيءٍ يُؤذيكَ. وَمِنْ شَرِّ كُلّ نَفْسٍ أو عَينٍ حاسدٍ اللهُ يَشفيكَ. بِسْمِ اللهِ أُرقيكَ)).[303]

واتە: بە ناوی خواوە دوعات بۆ دەکەم لە هەموو شتێك کە ئەزیەتت دەدات و لە خراپەی هەموو نەفسێك یان چاوی حەسوود بەرێك کە حەسودیت پێ دەبات خوا شیفات بدات، بە ناوی خواوە دوعات بۆ دەکەم.

---

(٣٠١) أخرجه الترمذي وأبوداود وانظر صحيح الترمذي ٢/٢١٠. وصحيح الجامع ٥/١٨٠.

تێبینی: دیارە ئەمەش بە مەرجێك خوای گەورە ئەم دوعایەی لێ قبوڵ بکات.

(٣٠٢) صحيح سنن أبي داود(٢/٦٠٠) . وفي رواية: ((أو يَمشي لَكَ إلى صلاةٍ)) رواه أبوداود(٣١٠٧) والحاكم ١/٣٤٤. وقال: صحيح على شرط مسلم، وحَسّنهُ الألباني في صحيح الجامع برقم(١٤٤٦).

(٣٠٣) مسلم(٤/١٧١٨) عن أبي سعيد(رضي الله عنه).

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

٥- ((اللهُمّ رَبَّ النّاسِ. إذهَبِ البَأْسَ وَاشفِ أنتَ الشّافِي. لاشفاءَ إلاّ شِفاءُكَ. شِفاءاً لا يُغادِرُ سَقَماً)).(٣٠٤)

واته: خوايه پەروەردگاری خەڵکی، ئەم ئازاره لابەرەو شیفای بدە خۆت شیفا دەری دەردانی، هیچ شیفایەك نىيە جگە لە شیفای تۆ، شیفایەك کە هیچ نەخۆشییەك جێ ناهێڵێ.

نزاو پاڕانەوەی ئەو نەخۆشەی دەستی لە ژیان شتووەو بێزار بووە

١ - ((اللهُمّ اغفِرْ لِي وَارحَمْني وَأَلحِقْني بالرَّفيقِ الأعْلَى)).(٣٠٥)

واته: خوایه لێم خۆش بەو ڕەحمم پێبکەو بمگەیەنە بە هاوڕێیانی پلە بەرز.(٣٠٦)

٢- لە عائیشەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) فەرموویەتی: پێغەمبەر (ﷺ) لەکاتی سەرەمەرگیدا هەردوو دەستی دەخستە ناو ئاوەوەو دەیسڕین بەدەمەو چاویداو دەیفەرموو: ((لا إلهَ إلاّ اللهُ إنّ لِلمَوتِ لَسَكَراتٍ))(٣٠٧)

واته: هیچ پەرستراوێك نىيە بەهەق جگە لە(الله) بە ڕاستی مردن ژانو ناڕەحەتی خۆی هەیە.

---

(٣٠٤) البخاري مع الفتح (١٠/٢٠٦) ومسلم(٤/١٧٢١).

(٣٠٥) البخاري ٧/١٠ و مسلم ٤/١٨٩٣.

(٣٠٦) کە بریتین لە پێغەمبەران(عليهم الصلاة والسلام)و ڕاستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکان. بڕوانە سورەتی(النساء: ٦٩).وە بڕوانە (قصص الأنبياء)ی ابن کثیر لاپەڕە(٢١٠).

(٣٠٧) البخاري مع الفتح ٨/١٤٤ وە لە فەرموودەی(السِوّاك)دا.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

٣- « لا إلهَ إلاّ الله وَالله أكْبَرُ. لا إلهَ إلاّ الله وَحْـــدَهُ. لا إلـــهَ إلاّ الله وَحْدَهُ لا شَريكَ لهَ. لا إلهَ إلاّ الله لَهُ المُلْكُ وَلَهُ الحَمْدُ. لا إلـــهَ إلاّ الله وَلا حَوْلَ وَلا قُوَّةَ إلاّ بالله ».(٣٠٨)

واته: هیچ پەرستراوێك نىيە بەهەق جگە لە(الله)و خوا گەورەیە. هـیچ پەرسـتراوێك نىيـە بەهـەق جگـە لـە (الله)و تاکـە. هـیچ پەرستراوێك نىيە بەهەق جگە لە (الله)و تاكو بێ هاوبەشە. هیچ پەرستراوێك نىيە بەهەق جگە لە (الله)و موڵكو ستایش بۆئەوە. هیچ پەرستراوێك نىيە بەهەق جگە لە (الله)و گۆڕان و توانا نىيە مەگەر بەوەوە.

نزاو پاڕانەوەی نەخۆش بۆ خۆی

(دەستت بخەرە سەر ئەو شوێنەی ئازاری هەیە لـە لەشـت داو سێجار بڵێ: « بسم اللهِ » **وە حەوت جار بڵێ:** « أعوذُ بِالله وَقُدرَتهِ مِنْ شَرِّ ما أجِدُ وأُحاذِرُ ».(٣٠٩)

واته: پەنا ئەگرم بە خوای گەورەو قودرەت و توانای لە خراپەی ئەو ئازارەی هەستی پێئەكەم و سڵی لێ دەكەمەوە.

---

(٣٠٨) هەركەسێك ئەمە كۆتا وتەی بێت لاشەی ئاگری دۆزەخ نایخوات/ أخرجه الترمذي وابن ماجه وصحّحهُ الألباني. وانظر صحيح الترمذي ٣/ ١٥٢. و صحيح ابن ماجه ٢/٣١٧.

(٣٠٩) مسلم ٤/١٧٢٨.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

چارەسەری بریینداری و زام

(پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر مرۆڤێك ناساغ بووایەو ئازاری هەبووایە یان بریینداری یان زامی پێوە بووایە پەنجەی ئاوا لێ دەکردو دەیفەرموو – وە سوفیان(کە ڕاوییەکە) پەنجەی شایەتمانی دەدا لە زەوی – پاشان بەرزی دەکردەوەو دەیفەرموو:

((بِسمِ اللهِ تُرْبَةُ أرضِنا بِريقَةِ بَعْضِنا يُشفَى سَقيمُنا بإذنِ رَبِّنا)). (٣١٠)

واتە: بەناوی خوا، گڵ و خۆڵی زەوییەکەمان بەلیکی هەندێکمانەوە دەبێتە شیفا بۆ نەخۆش و ناساغەکانمان بە ئیزنی پەروەردگارمان.

(وە مانای فەرموودەکە وادەگەیەنێ کە هەندێ لە لیکی خۆی دەکرد بە پەنجەی شایەتمانیەوە، پاشان دەیخستە سەر گڵەکەو هەندێکی لێ هەڵدەگرت و دەیهێنا بەشوێنی برینداریەکە، یان ناساغییەکەداو ئەم ووتەو نزایەی لەم حاڵەتی پێداهێنانەدا دەفەرموو).(٣١١)

---

(٣١٠) البخاري مع الفتح ٢٠٦/١٠. ومسلم ١٧٢٤/٤ برقم (٢١٩٤).

(٣١١) انظر: شرح النووي على صحيح مسلم ١٨٤/١٤ وفتح الباري ٢٠٨/١٠ وە بڕوانە ڕوونکردنەوەیەکی درێژی ئەم فەرموودەیە لە (زاد المعاد)١٨٦/٤-١٨٧.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

چارەسەری پێوەدراوی مارو دووپشك
(اللّسعَة واللَّدغَة)

١- سورەتی ﴿ الفاتحة ﴾ دەخوێنی لەگەڵ كۆكردنەوەی تفی دەمت و تف كردنە سەر شوێنی پێوەدراوییەكە.[٣١٢]

٢- بە ئاوو خوێ شوێنی پێوەدراوییەكە مەسح بكە لەگەڵ خوێندنی سورەتی ﴿ قُلْ يا أيُّها الكافرونَ ﴾ و﴿ الفَلَق ﴾ و ﴿ النّاس ﴾[٣١٣]

چارەسەری (تا)

قال(ﷺ): ((الحُمّى مِن فَيحِ جَهَنّمَ فأبرِدوها بِالماءِ)).[٣١٤]

واتە: (تا) لە هاڵاوو لە پریشكی دۆزەخەوەیە ئەگەر تووشتان هات بە ئاو ساردی بكەنەوە.

---

(٣١٢) البخاري مع الفتح ٢٠٨/١٠.

(٣١٣) الطبراني في المعجم الصغير ٨٣٠/٢ ، وانظر مجمع الزوائد ١١١/٥ وحَسَّنَ إسناده.

(٣١٤) البخاري مع الفتح ١٧٤/١٠ ومسلم ١٧٣٣/٤.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

تەڵقین دادانی کەسێك کە لەسەرەمەرگ دا بێت

((مَنْ كانَ آخِرُ كَلامِهِ لآ إلهَ إلاّ اللهُ دَخَلَ الجَنَةَ)). [٣١٥]

واتە: هەر کەسێك کۆتا ووتەی لە دونیادا (لآ إلـهَ إلاّ الله) بێت دەچێتە بەهەشتەوە.

ئەگەر تووشی موسیبەتێك بوو(کەسێکی مرد)

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ...وَ بَشّرِ الصّابِرينَ * الذينَ إذا أَصابَتْهُم مُصِيبَةٌ قالوا إنا للهِ وَ إنّا إليهِ راجِعونَ * أولَئكَ عَلَيهِم صَلواتٌ مِنْ رَبِّهِم وَ رَحمةٌ وَ أولئكَ هُم المُهتَدونَ * ﴾.(البقرة: ١٥٥-١٥٧)

واتە: ... وە مژدە بدە بە ئارامگران ئەوانەی کاتێ تووشی موسیبەتێك دەبن دەڵێن ئێمە موڵکی خواین و هەر بۆلای ئەودەگەڕێینەوە، ئەوانە ستایش و سەنا و ڕەحمەت و ئەمینیان بۆ هەیە لە سزا لە لایەن خوای پەروەردگاریانەوە و ئەوانەش بە ڕاستی هیدایەت دراوانن. [٣١٦]

---

(٣١٥) أبوداود ٣/ ١٩٠ وانظر صحيح الجامع ٤٣٢/٥. وفي رواية: ((مَنْ كانَ آخرُ كَلامِهِ مِنَ الدنيا...)) رواه أبوداود(٣١١٦) والحاكم ٣٥١/١، وحَسَّنَهُ الألباني في إرواء الغليل برقم(٦٨٧). ورواه مسلم بلفظ: ((لَقِّنوُا مَوتاكُم لا إلـهَ إلاّ الله)) مسلم ٢١٩/٦ عن أبي سعيد وفي رواية عن أبي هريرة. وابن حبان(٧١٩) موارد بلفظ: ((لَقِّنوُا مَوتاكُم لا إلهَ إلاّ اللهَ فإنهُ مَنْ كانَ آخرُ كَلامِهِ لا إلهَ إلاّ الله دَخَلَ الجَنّةَ يَوماً مِنَ الدَّهرِ وَإنْ أصابَهُ قَبْلَ ذلك ما أصابَهُ)) انظر احكام الجنائز /١٠. واتە: تەڵقینی ئەو کەسانەتان بکەن کە لەسەرە مەرگدان بە وتنی (لا إلـهَ إلاّ الله) تا بیڵێن چونکە هەرکەسێك کوتا ووشەی (لا إلهَ إلاّ الله) بێت دەچێتە بەهەشتەوە هەر ڕۆژێك بێ ئەگەرچی پێشئەوە تووشی ئەوەببێ کە تووشی دەبێ لە سزا.

(٣١٦) تفسير القرآن العظيم ١/ ١٨٤.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

١- (([إنّا لله وَإنّا إليهِ راجعونَ] اللهُمّ اجُرْني في مُصيبَتي وَأخلِفْ لي خَيراً منها)).[317]

واته: ئێمه موڵكی خواین و بۆ لای ئەو دەگەڕێینەوە. خوایە پاداشتم بدەیتەوە لەم موسیبەتەمداو كەسێكی باشترم بۆ بخەرەوە جێگەی.

٢- **یان بڵێ:** ((أللهُمّ اغفِرْ لي وَلَهُ. وأعقِبني مِنهُ عُقبَةً حَسَنَةً)).[318]

واتە: خوایە لە من و لە ئەویش(مردووەكە) خۆش ببەو كەسێكی چاكم بۆ بخەرەوە شوێنی.

له كاتی داخستنی چاوی مردوویەك دا

((اللهُمّ اغفِرْ لِفُلان (ناوەكەی دەڵێی) وَارفَعْ دَرَجَتَهُ في المَهــديِّينَ. وَأخلُفْهُ في عَقبه في الغابِرينَ. وَاغفِر لَنا وَلَهُ يا ربَّ العالمينَ، وَافسَح لَهُ في قَبرِهِ وَنَوِّر لَهُ فيه)).[319]

واتە: خوایە لە فلانەكەس خۆش ببەو پلەی بەرزبكەرەوە لە ناو ڕێنموییی كراوانداو لە پاش ئەو كەسێكی دڵسۆز جێ بهێڵە بۆ كەس وكاریو بیكەرە جێنشینی. وە لە ئێمەو لەویش خۆش ببە ئەی پەروەردگاری جیهانیان و گۆڕەكەی بۆ فراوان بكەو بۆی ڕۆشن و نوردار بكە.

---

(317) هیچ موسڵمانێك نییە كە موسیبەتێكی ئاوای تووش ببێ و وەك ئەوەی خوای گەورە فەرمانی پێكردووە بڵێ (إنّا لله ......) (فەرموودەكە...) ئیلا خوای گەورە كەسێكی چاكتری لە پاش ئەو بۆ دەخاتە شوێنی/ مسلم ٢/٦٣٢

(318) مسلم ٢/٢٢٢.

(319) مسلم ٢/٦٣٤.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

ئاوات نەخواستنی مردن

(هـیچ کەسـێك لـە ئێـوە ئـاواتی مـردن نـەخوازێ(بـە هـۆی ناڕەحەتییەکەوە کە تووشی هاتووە). [٣٢٠] ئەگەر هەردەبوو بیڵێ با بڵێ: ((اللهُمّ أحييني ما كانَتِ الحَياةُ خَيراً لِي. وَتَوَفَّني إذا كانَـتِ الوَفاةُ خيراً لِي)). [٣٢١]

واتە: خوایە بمژێنە هەتا ئەو کاتەی ژیان چاکە بۆم و بممرێنە ئەگەر مردن خێری تێدا بوو بۆم.

نوێژی مردوو

نوێـژی مـردوو فـەرزی کیفایەیـە (واتـە ئەگـەر چەند کەسـێك ئەنجامی بدەن لەسەر موسڵمانان لادەچێو بە نەکردنی هـەموو موسڵمانانی ئەو ناوچەیە گوناهبار دەبن)وە ئەم نوێژە کوڕنوش و چـــەمینەوەی تێـــدا نییـــە. ڕاســـترین شـــێوەی چـــوار تەکبیر(الله أكبر)ە، وە پێنج تەکبیر تا نۆ تەکبیر کردن هاتووە.

---

(٣٢٠) دروست نییە موسڵمان ئاواتی مردن بخوازێ. لەبەرئەوەی چاکترین کەس ئەوکەسەیە کە تەمەنی درێژ بێت وکرداری چاکی زۆر بێت.وە تا گوناه کەم بکاتەوەو پەشیمان ببێتەوە لێی. هەروەها لەبەر سەختیو ناڕەحەتی مردن و ژیانی ناو گۆڕ. بەڵام ئەگەر موسڵمان لە دین و ئیمانی ترسی هەبوو کەزیانی پێ بگات لەکاتی زۆربوونی فیتنەو ئاشووبەدا، ئەوا ئەو کاتە دروستە ئاواتی مردن بخوازێت تا ژینی کۆتایی پێ بێت بەڵام دینی سەلامەت بێت.

(٣٢١) البخاري ١٠/١٠٨،١٠٧ ومسلم (٢٦٨٠).

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory